# بەخێربێن بۆ دەزگەی بەربەرەکانێ – دامودەزگەی بەربەرەکانێ و کڕین!

**بەربەرەکانێ چییە؟**

بەربەرەکانێ ئەو شتەیە کاتێ چەندین کۆمپانیای جیاواز هەمان جۆری کاڵا دەفرۆشن. بەو شێوەیە کۆمپانیاکان پێشبڕکێ دەکەن لەسەر کڕیارەکان. ئەوان پێشبڕکێ دەکەن لەسەر کڕیارەکان بەوەی کەوا نرخی کاڵاکان هەرزانتر بکەن و کاڵای باشتر دروست بکەن.

لەبەرئەوە بەربەرەکانێ شتێکی باشە بۆ کڕیارەکان.

کاتێ بەربەرەکانێ لەکاردابێ، دەبێ کۆمپانیاکە باشتر و باشتر بێ بۆ ئەوەی بتوانێ کاڵاکانی خۆی بفرۆشێ. بەڵام دەبێ یاسا هەبێ بۆ ئەوەی کە چۆن بەربەرەکانێ کار بکات. لەبەرئەوە یاسایەك هەیە کە ناوی "یاسای بەربەرەکانێ"یە.

**لەبەرچی پەیمانی یەکنرخی (کارتێل) قەدەغەیە؟**

یاسای بەربەرەکانێ دەڵێ، کە قەدەغەیە پەیمانی یەکنرخی ببەستن. پەیمانی یەکنرخی ئەوەیە کاتێ چەندین کۆمپانیا هەمان کاڵا دەفرۆشن، لەسەر نرخی کاڵاکە هاوکاریی یەکتری دەکەن. ئەوان بە نهێنی بڕیار دەدەن کە هەموو کۆمپانیاکان هەمان نرخ لەسەر کاڵاکانیان دابنێن. ئەوسا بەربەرەکانێ کار ناکات و، ئەوەش شتێکە کە قەدەغەیە.

تەنانەت یەکێتیی ئەورووپا "EU"ش یاسای بەربەرەکانێی خۆی هەیە. ئەو یاسایانە لە سوێدیشدا بڕەویان هەیە.

**کڕینی فەرمی چییە؟**

دەزگەی بەربەرەکانێ چاودێری ئەوەیە کە دامودەزگە سوێدییەکان یاسا ڕەچاو بکەن دەربارەی کڕینی فەرمی. هەموو جارێ کە دەزگەیەك کاڵایەك یاخود خزمەتگوزارییەك دەکڕێ، دەبێ دەزگەکە بە فەرمی بیکڕێ. بە مانای ئەوەیە کە دەبێ دەزگەکە پێشوەخت ڕوونی بکاتەوە کە دەیەوێ چی بکڕێ. ئەوسا چەندین کۆمپانیا بواریان دەبێ باسی کاڵاکانیان یاخود خزمەتگوزارییەکانیان بکەن، پێش ئەوەی دەزگەکە بڕیار بدات لە کام کۆمپانیا شت دەکڕێ.

**دەزگەی بەربەرەکانێ چییە؟**

دەزگەی بەربەرەکانێ دەزگەیەکی دەوڵەتییە. ئێمە چاودێری ئەوەین کە کۆمپانیاکان ڕەچاوی یاساکانی بەربەرەکانێ بکەن و دەزگەکان ڕەچاوی یاسای کڕینی فەرمی بکەن. ئێمە پێشنیازی یاسای نوێ دەکەین کە بەربەرەکانێ هێشتا باشتر دەکەن. ئێمە پشتیوانی ئەوانە دەکەین کە لێکۆڵینەوە دەربارەی بەربەرەکانێ و کڕین ئەنجام دەدەن.

دەزگەی بەربەرەکانێ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتییەوە سەرپەرشتی دەکرێ.

**بەم شێوەیە پەیوەندیمان پێوە دەکەن**

ئەگەر زانیاریی زیاترت دەوێ، دەتوانی پۆستی ئەلەکترۆنی بنێری بۆ: (konkurrensverket@kkv.se)

دەتوانی فاکس بۆ ئەم ژمارەیە بنێری: (08 - 24 55 43)

یاخود بەم ژمارەیە تەلەفۆن بکەی: (08 - 700 16 00)